# فەلسەفە بۆ منداڵان

# و

# ئاسۆی پەروەردەی هەرێمی کوردستان

نووسینی:

**ئەحمەد شەبانی**

**ماستەر لە بواری فەلسەفەی پەروەردە**

**وانەبێژی میوان لە زانکۆی پەیام نوور ــــ لقی بانە**

**نەورۆزی 2712**

## دەروازەی باس

داهێنانی وشەی بە نرخی فەلسەفە ــ لەگوێن دایکی زانست ـــ دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم تروسکەکانی رووناکی هزری مرۆڤ. سەردەمانێك، فەلسەفە وەڵامی هەموو پرسیارێکی ساکار و دژواری مرۆڤی خاوەن پرسیاری بە لاوە بووە و سەری لە هەموو بابەت و بەستێنێك دەرهێناوە. ئەو کەسەش کە فەلسەفەی بخوێندایە، دەبووە خاوەن مەعریفەیەکی مەزن و دەبوو بە سەرچاوەیەکی هزری و بەحرێکی زانست بۆ کۆمەڵگای سەردەمی خۆی. لەم رووەوە فەلسەفە و فەیلەسوف رێزیان پەیدا کرد و لە باڵاخانەی جەستەی مرۆڤ، واتە لە یانەی ئەقڵ و ئەندێشەدا گیرسانەوە.

کاتێك وشەی فەلسەفە دەبیستین، رەنگە هەیبەتی ئەم وشە وەك شەپۆلێکی مەند بە دەروازەی ئەندێشەماندا بکێشێ و بۆ ماوەیەك بمانخاتە گێژاوێك لە مانا و چەمکی ئاڵۆزەوە. بەڕای زۆر کەس فەلسەفە بابەتێکی دژوار لە قەڵەم دراوە چونکا خۆی سەرقاڵی دۆزینەوەی وەڵام بۆ گرینگترین پرسیارەکانی مرۆڤ، هەر لە چاخی ئەشکەوت نشینییەوە بگرە تاکوو سەردەمی هاوچەرخ کردووە. فەلسەفە چی تاریکی و ناشەفافییەت لەم گەردوونەدا بێت، بەرەو پیری دەچێت و بە تیشکی روناکی بەخشی خۆی هەموو سووچ و قوژبنێکی نەزانی و نەفامی روون کردۆتەوە و هێشتاش ئەم رووناکارییە هەر بەردەوامە. لە بەر وەها مەزنایەتییێکە کە رەنگە خەڵکانی خوێندەواریش کاتێك روبەڕووی فەلسەفە دەبنەوە، بە پارێزەوە بە لایدا بکۆکن و بیخوێننەوە. کەواتە بەم تایبەتمەندییەوە کە فەلسەفە هەیەتی، فەلسەفە بۆ منداڵان چیە و چۆن داکۆکی لەم دەستەواژە ئەکرێت؟ کاتێك فامانندنی فەلسەفە بۆ گەورەکان سەخت و ئەستەم بێت، بۆ منداڵانێك کە هێشتا بیر و هۆشیان نەگەییوە و کاڵە، چۆن باس لە فێرکردنی فەلسەفە بکەین؟

ئەم وتارە بە شوێن وەڵامی ئەم پرسیارەوەیە و پێمان دەڵێت کە فەلسەفە بۆ منالان واتای چییە؟ و ئاسۆی فیکری ئێمە بۆ فێرکردنی فەلسەفە بە منداڵان چییە و کوێ دەگرێتەوە؟ بۆ ئەم مەبەستەش لە پێشدا باسێك دەربارەی زەمینەی تیۆری راهێنانی منداڵان بۆ بیرکردنەوە دەخەینە بەردەم خوێنەر. ئینجا ئەو فەیلەسوفانە ناوبردە ئەکەین کە بە نیسبەت ئەم بەرنامە(فێرکردنی فەلسەفە بە منداڵان) یار و نەیار بوون. بە واتایەکی تر ئەوانەی کە لایەنگری فێرکردنی فەلسەفە بە منداڵن و ئەوانەش کە لە لەگەڵ ئەم بیرۆکەدا نەیارن جیایان دەکەینەوە و پۆلێنیان دەکەین. پاشان دەچینە سەر بابەتی سەرەکی وتارەکە کە پێناسەیەکە لە بەرنامەی "فەلسەفە بۆ منداڵان" کە لە لایەن مەتیو لیپمان ەوە بنیات نراوە و لە کۆتاییشدا ئاوڕێکی بە پەلە ئەدەینەوە سەر پەروەردەی هەرێمی کوردستان و کورتە باسێك لە سەر ئاسۆی پەروەردەی هەرێم و چۆنیەتی ئاسانکاری بۆ جێبەجێکردنی وەها بەرنامەیەك ئاراستە دەکرێت.

### راهێنانی منداڵان بۆ بیرکردنەوە: زەمینەی تیۆری

زانیاری ئێمە لە بارەی بیرکردنەوەوە تا رادەیەکی زۆر لە دوو نەریتی جیاوازی فەلسەفە و دەروونناسیەوە سەرچاوە دەگرێت. فەیلەسوفەکان ماوەیەکی درێژخایەن زەینی مرۆڤیان وەك خانەی ئەقڵ سەیر دەکرد و هەراشکردن و پێگەیاندنی ئەقڵیشیان بە ئامانجی سەرەکی پەروەردە لە قەڵەم ئەدا. فەلسەفە، لە سەر ئەندێشەی رەخنەگرانە بە یارمەتی شیکاریی و بەڵگاندن و ژیربێژیی، جەختی دەکرد. هزر، رەهەندە داهێنەر و رەخنەگرەکانی زەینی لە خۆ دەگرت کە بریتی بوون لە: بەڵگەهێنانەوە و دەسکەوتە ئایدیالیەکانی. بیرکردنەوە بریتیە لە هەر چەشنە چالاکیەکی مێشك کە ئەنجامەکەی ئاراستەکردن یا چارەسەرکردنی کێشەیەك یا خود بڕیاردان یا تێگەیشتن لە بابەتێك بێت. (فیشێر، 2005: 27)

له روانگەی دەروونناسیشەوە، بیرکردنەوە چالاکییەکی مێشکە، شێوازێکە لە هەڵپەرداوتنی زانیاری مەعریفی و کەڵك وەرگرتن لەو چەمك و هێماگەلەی کە دەرکی پێئەکەین و ... ئامانجی بیرکردنەوەش بریتییە لە چارەسەری گرفتەکان و بڕیاردان و رووخستنی واقیعەکان. بیرکردنەوە، پڕۆسەیەکی وشیارانەیە. زۆرینەی دەروونناسەکان بۆ نمونە، وۆنت و جەیمز ئەم پڕۆسە بە شیاوی لێکۆڵینەوە دەزانن و بەم بۆنەوە بۆتە بابەتێکی تایبەت بۆ توێژینەوەی دەروونناسی.(برۆنۆ: 1986، 89)

یەکێك لەو شتانەی کە مرۆڤ لە هەموو بوونەوەرێکی سەرزەوی جیا دەکاتەوە، بەهرەمەندی لە هێزی بیرکردنەوەیە و بەرپرساریەتیەك کە بە هۆی ئەم تایبەتمەندییەوە پێی ئەگات. چونکا ئەم بەهرە، مرۆڤ ئەکاتە خاوەن هێزێکی هزریی تایبەت بۆ بڕیاردان و چەسپاندنی ئیرادەی خۆی. جا بۆیە هەر چەندە رادەی بەکارهێنانی هزر و ئەندێشە زیاتر بێت، بە هەمان رادەش ئەگەریی سەرکەوتن و پێشڤەچوون زێدەتر دەبێت. لەم سۆنگەوە خوێندنەوە و باس کردن دەربارەی بیرکردنەوە، یەکێك لە ئەستوونە سەرکییەکانی پرۆسەی پەرەسەندنی هەمەلایەن لە ئەژمار دێت. (مرعشی و...، 1387)

ئیمڕۆکە سیستەمە پەروەردەییەکانی جیهان بە تایبەت وڵاتانی رووەو گەشەسەندن گەلێك داکۆکی ئەکەن لە سەر ئەوەی کە قوتابیەکان واتە بەرهەمی[1] ئەو سیستەمانە، ببنە کەسانێکی بیرمەند و داهێنەر و خاوەن هێزێکی رەخنەگرانە. بەڵام لە ئەنجامدا وەها دەسکەوتێك نابینن و لە باشترین حاڵەتا، قوتابیەکان وەك تووتی تەنیا وانەکان و زانیارییەکان لەبەردەکەن و کاوێژی دەکەنەوە. بەشی زۆرینەی زانیاری ئێمە لە مەڕ زانستی پەروەردە[2]، لە جیاتی گرینگی پێدان بەو بەهرە و تواناییانەی کە رێگا بۆ گەشە و فراژووتنی منداڵان خۆش ئەکات، لەسەر فێرکردنی چەن توانستێکی تایبەت وەك نووسین و خوێندنەوە خۆلاسە ئەبێتەوە. رەنگە بیری کارکێشانەوە لە مێشك بە شێوەیەکی قووڵ و بەهێز، تەنیا تارماییەك بێت لەو واقیعانەی کە دەوروبەری ئێمەی تەنیوە. کەچی لە راستیدا ئەکرێ کەسانێك پەروەردە بکرێن کە لە داهاتوودا بیرمەندانێکی شوێندانەر و هۆشمەندیان لێ دەربێت.

ریشەی بزاوتی فێرکردنی توانستە فیکرییەکان بە منداڵان لەم باوەڕەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەکرێ میتۆد و شێوازی بیرکردنەوە بە قوتابی یان فێرخواز فێر بکرێت. هەروەها بۆمان هەیە پلەی هۆشمەندی هەر منداڵێك بە یارمەتی مامۆستا یان باوك و دایك ببەینە سەرەوە. بەڵام جگە لە فێرکردنی توانستە بنەڕەتیەکان[3] ( 3Rs )[4]، و بەخشینی هەندێك زانیاری لەبارەی جیهان، بۆ یارمەتیدان بە منداڵان لە مەڕ بەکارهێنانی توانست و زانیارییەکانی خۆیان بۆ چارەسەری کێشەکان و بەڵگاندن و بیرکردنەوەی بەجێ، چ کارێکی دیکەمان لە دەست دێت ؟

پێشتر تیۆرییە پەروەردەیی یەکان لە سەر شێوازە سارکارەکانی فێربوون لەنگەریان ئەگرت. ئەم تیۆرییانە بۆ فێرکردنی توانستە بنەڕەتییەکان، لە سەر پرۆسەی فێربوون و توێژینەوە و چارەسەرکردنی کێشە و خوێندنەوە بە مەبەستی مانادۆزی و پەرسەندنی شێوازی سەربەخۆی فێربوون جەختیان ئەکرد. رەنگە ئەم توانستانە بۆ 30 ساڵ لەمەوبەر کارامە بوبێتن، بەڵام ئیمڕۆکە وەڵامی هەموو شتێکمان نادەنەوە لە بەر ئەوە ناتوانن بە تەنیایی منداڵ رادەستی کۆمەڵگایەك بکەن کە رەوتی گۆڕان تێیدا گەلێك بەلەز و خێرایە. گۆڕانکاری تەکنۆلۆجی، هەندێك دەرفەتی نوێی هێناوەتە مەیدان و هەندێکیشی لە مەیدان بەدەر کردووە. خێرایی گۆڕان هێندە بە گوڕ و تەوژمە کە پێش بینی کردنی زانست و زانیاری پێویست بۆ بەرەکانی داهاتوو، دژوار و ئەستەم بووە.

دەلالەتی پەروەردەیی ئەم مەسەلە ئەوەیە کە ئێمە دەبێ لە سەر فێرکردنی 3 توانستی پێویست لەنگەر بگرین:

---

[1] - out put

[2] – ئەم بەشە لە وتارەکە بە زۆری لە ژێر کاریگەریی دو کتێبەکەی روبێرت فیشێرە.

[3] - Basic skills

[4] بریتییە لە: Reading., Writing,, Arithmetic واتە خوێندن و نوسین و ژماردن

1) وەرگرتنی زانیاری

2) ڕێکخستنی زانیاری

3) بەکارهێنانی زانیاری

ئەگەر بمانەوێت منداڵەکانمان لە بەرامبەر ئاریشەکانی ژیان ئامادە بکەین، ئەبێ توانستگەلێکی تایبەتیان فێر بکەین تاکوو بەو پێیە دەسەڵاتیان بە سەر ژیان و پرۆسەی ڕاهێنانی خۆیاندا بشکێ. چونکە فێربوون کۆتایی و بڕانەوە هەڵناگرێت و شتێکی هەتا هەتایە. منداڵان پێویستیان بە زانیاری هەیە بەڵام گرینگتر لە زانیاری، توانایی بە دەستهێنانی زانستی نوێیە: زانیارییەك خۆیان بەدەستیان هێنابێت ــ یان بە واتا ڕاستەقینەکەی ــ زانستێك کە خۆیان بەرهەمیان هێنابێ یا پیاچونەوەیان پێدا کردبێت و نۆژەنیان کردبێتەوە.

بەردی بناغەی ئەم توانستە فیکرییانە ئەبێ هەر لە یەکەم ساڵانی ژیانەوە دابندرێ. لەبەر ئەوە **مێشك کراوەیی**[5] هەر لەو کاتانەوە بیچم دەبەستێ، واتە کاتێك شوناسی منداڵ وەك کەسایەتییەکی بیرمەند خۆ ئەگرێ، دەست پێئەکات. لەو قۆناغەی کە منداڵان گەورەتر دەبن و ئەبنە گەورەساڵ، مەیلێکی رووله زیادبوونیان هەیە بەرەو وشکەمەرامی و **داخرانی مێشك**.[6] کاتێك مێشك داخراو بێت، هەرچی بڕوا و مەرامە، خۆپەرستانە دەبێ و بە جۆگەی منمنۆکێ دا ئەڕوات. ئینجا ئەو شتەی ***"من"*** بڕوام پێی هەیە، زۆر گرینگتر ئەبێ لەو شتەی کە من **"بڕوام پێیەتی"**. نابێ وەها دەرفەتێك هەڵکەوێت تاکوو ئەم شتانە روو بدەن. دەتوانین منداڵان گاڵ بدەین تاکوو بایەخ و بەهاکان و ئاستی فکری خۆیان بزانن. دەبێ دەرفەتیان پێ بدەین تاکوو خۆیان بیر و ئەندێشەکانیان بدۆزنەوە و بۆچوونەکانیان بە قەبارەی وشە داڕێژن و ئاراستەی بکەن و داکۆکییان لێ بکەن. پێویستە منداڵان خۆیان لەگوێن کەسانی بەتوانا و بیرمەند و خاوەن هەست بدۆزنەوە. جا چۆنیەتی هێنانە بەرهەمی ئەم توانستانە لە ناو خێزان و قوتابخانەدا بۆ گەشەی منداڵ زۆر گرینگە.

مەرج نییە منداڵەکان تەنیا ناوەرۆك و بابەتی وانەکان فێر بن و بیڵێنەوە، بەڵکوو بۆ ئەوەی بزانین ئایا لە ڕاستیدا شتێك " ***فێر بوون***"، دەبێ بتوانن بە پێی لۆجیکی ئەو زانستە و بابەتە دەرسییەکە بیر بکەنەوە. بیرکردنەوەی ئەقڵی لە هەر بەستێنێك دا بە پێی لۆجیك و یاسا بنەڕەتییەکان سەر ئەگرێ و ئەو ستراتیجیانەی چاودێریی ڕاهیکردنی مەسەلەیەك دەکەن، پێوەندی بە هەموو بەستێنەکانی ئەزموونەوە دەبێت. ***فێربوونی بیرکردنەوە*** کاری بەخت و ناوچاو نییە و خواوراسان ناگا بە ئەنجام. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ ڕێسای روون و متمانەبەخش دابڕێژرێت. تا ئێستا هەوڵەکانی قوتابخانە بە ڕێگای هاندانی منالەکان بۆ بیرکردنەوە و هزرمەندیدا نەڕۆشتووە. قوتابخانەکان شوێنێك بوون کە تێیدا منالەکان لە جیاتی ئەوەی سەرقاڵی ئاراستەکردنی ئەندێشە و زانستی نوێ بن، تەنیا بەکاربەری زانست بوون و وەریانگرتووە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە مامۆستاکان هیوادارن قوتابییان، سەریان بە فێربوون و دووبارەخولقاندنەوەی زانستێك کە لەباو کەوتبێت، گەرم بکەن. ئەم جۆرە مامۆستایانە لایەنگری ئەم ڕەفتارەن کە روو ئەکاتە قوتابی و دەڵێ:

" ئەم بابەتە فێر ببە چونکە من پێت ئەڵێم." پێشتر لەم جۆرە گفتوگۆیەی ژێرەوە لە نێوان قوتابی و ماموستادا زۆر باو بووە:

گەری(قوتابی) لە سەر کورسیەکەی خۆی دانیشتووە و دەستی کردووە بە پاڵپشتی سەری، ڕێك وەك پەیکەری رۆدین[7].

مامۆستا: گەری خەریکی چیت؟

---

[5] Open mind

[6] Closed mindedness

[7] ئۆگۆست رۆدین August Rodin پەیکەرتاشی ناوداری فەرەنسی کە لە نێوان ساڵانی 1840 تا 1917 ژیاوە و بە هۆی پەیکەرێکی خۆی بە ناوی"بیرمەند"، ناوی دەرکردووە.

گەری: خەریکم بیر ئەکەمەوە.

مامۆستا: ئیتر بیر مەکەرەوە و تەنیا گوێ لە من بگرە !

بەڵگەی زۆر بە دەستەوەیە کە نیشانمان ئەدا قوتابخانە لە ئاستی بیرکردنەوەدا کەمتەرخەم بووە. ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ باش تێنەگەیشتنمان لە ماهییەتی بەڵگاندن. چونکە بە هەڵە پێمان وایە، بیرکردنەوە یەکێکە لەو توانستە بنەڕەتییانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، وەك خوێندن و نووسین و ژماردن (3Rs). لە حاڵێکدا بەڵگاندن تەنیا R ی چوارەم نییە،[8] بەڵکو لێهاتووییەکی بنەڕەتییە بۆ هەموو جۆرە فێربوونێك و دەورێکی باڵا ئەبینێت لە گەشەی توانستەکانی دیکەدا.

## یار و نەیاری فەلسەفە بۆ منداڵان

لێرەدا ئەو فەیلەسوفانەی کە لە بەرامبەر بەرنامەی فێرکردنی فەلسەفە بە منداڵان بە ئەرێ و نەرێ هەڵوێستیان گرتووە، پۆلێن دەکەین تاکوو بزانین ئەم بەرنامە پشت ئەستوور بووە بە هەڵوێستی زانستییانە و رەخنەگرانەی فەیلەسوفەکانەوە ئینجا هاتۆتە بواری جێبە جێکردنەوە.

هەندێك لە فەیلەسوفەکان، بە لەبەر چاوگرتنی واتای کۆنی فەلسەفە کە دەڵێ فەلسەفە بە مانای خوێندنەوەی بیرو ئەندێشەی فەیلەسوفەکانە، دەڵێن منداڵان ناتوانن فێری فەلسەفە بن، چونکا ئەندێشە و بیری فەلسەفی گەلێك دژوارە و لە ئاستی فاماندنی منداڵان بە دوورە. نموونەی ئەم فەیلەسوفانە ئەکرێ ئاماژە بدەین بە وایت[9] لە ساڵی 1996، مەك پێك[10] لە ساڵی 1981، و کیچنێر[11] لە ساڵی 1990.

هەندێکی تر، بۆ وێنە لیپمان[12] (1980، 1991، 2003)، مەتیۆس[13] (1980، 1984، 1992) و جەنسۆن[14] (1997)، بە پاڵپشتی بۆچوونەکانی سوکرات، ئەفلاتوون و هێگل، پشت ئەستوور بە واتایەکی فەلسەفە بوون کە فێرکردنی فەلسەفە بە منداڵان مەیسەر دەکات. کاتێك ئەم دوو بۆچوونە لە بەرامبەر یەکتردا رائەوەستن، ئینجا ئەم پرسیارە قوت ئەبێتەوە کە : بە پێی کام مەفهووم و واتا دەکرێ فەلسەفە بە منداڵان فێر بکرێت؟

بە رای سوکرات، فەلسەفە سەرنج ئەداتە مرۆڤ. ئەم باوەڕەش لە ئارادایە کە هەموو مرۆڤێك دەتوانێ بە کەڵك وەرگرتن لە ئەقڵی خۆی واقیعە فەلسەفییەکان هەست پێبکا و بیفامێنێت. لەم سۆنگەوە چونکە منداڵیش مرۆڤ لە ئەژمار دێت کەواتە دەتوانێ لە ئەقڵی خۆی کەڵك وەربگرێ و بەکاربەری فەلسەفە بێت.

ئەو کەسانەی کە ئەفلاتوون بە لایەنگری فێرکردنی فەلسەفە بۆ منداڵان لە قەڵەم ئەدەن لە سەر ئەم روانگەی ئەفلاتوون جەخت ئەکەن کە پێی وایە: یەکەم، پێوەندی فەلسەفەی پەروەردە لە گەڵ سیاسەتە کە لەم پێوەندییەدا پەروەردە دەبێتە تەوەر. دووهەم، واتای فەلسەفەیە کە ئەو بە مانای فەلسەفاندن و شێوازی نووسینی ئەم جۆرە بیرکردنەوە لێکی داوەتەوە کە هەمووی بە شێوەی گفتوگۆ

---

[8] – هەندێك لە نوسەران باس لە دو توانستی دیکەش دەکەن کە بریتین لە: Reasoning بە واتای بەڵگاندن و Responsibility بە مانای بەرپرساریەتی.
[9] -White
[10] -Mac Peck
[11] - Kitchener
[12] -Lipman
[13] -Matthews
[14] -Johnson

نووسیویەتی. پەروەردەی راستەقینە لای ئەفلاتوون، بەرهەم هێنانی مرۆڤی زانا و عەدالەتخوازە بۆ ئەوەی ببێتە فەیلەسوف ــ شا و بەرێوەبەرێتی ولات بەدەستەوە بگرێت. راستە کە ئەفلاتوون، حوکمەت کردن، شیاوی فەیلەسوف ــ شای گەورە سال دەزانێ بەلام گەورەسالیی لە مەسیری منداڵییەوە تێپەڕ دەبێ و گەورە سالان لە پرێك نەبوون بە کورێك! کەواتە پەروەردەی ئەفلاتوونی لە منداڵییەوە دەست پێئەکات چونکە پێی وایە منداڵان هێشتا تووشی گەندەڵی نەبوون.(قاعدی:1387، 32)

هێگل (1822) بەم شتە ئاماژە دەکات کە زۆرینەی قوتابیان بێ ئەوەیکە ئامادەیی پێویستیان بۆ خوێندنەوەی لۆجیك هەبێت، حەز بە خوێندن لە زانکۆ دەکەن. بە ڕای هێگل خوێندنی بنەماکانی لۆجیك بۆ نموونە پێناسەکردن، باسکردن و پۆلێن کردن و میتۆدی زانستی، بۆ موتالای ئەکادیمییانە گەلێك پێویستە. لۆجیك هەرگیز بالاتر نییە لە ئاستی هزریی قوتابیانی دواناوەندی. ئەو پێی وایە ئەگەر کەسێك دەخوازێت خۆی بیر بکاتەوە، دەبێ لۆجیك بخوێنێت و لەم رووەوە قوتابخانەکان دەبێ زۆربەی کاتی خۆیان تەرخان بکەن بۆ فێرکردنی توانستە گشتییەکانی ئەندێشە. خۆلاسە، هێگل داکۆکی ئەکات لە فێرکردنی لۆجیك وەك ژێرخانی پێویست بۆ بیرکردنەوەی فەلسەفی. (قاعدی: پێشوو، 38)

هەندێکی تر لە فەیلەسوفەکان، بە بەراورد لە نێوان تایبەتمەندییەکانی منداڵان و گەورەکان، وای بۆ ئەچن کە گەورەکان خاوەنی هەندێك تایبەتمەندین کە منداڵان لێی بەهرەمەند نین. ئەم فەیلەسوفانە، هەندێ تایبەتمەندی وەك هەستیاریی[15] لە منداڵاندا ئەکەن بە بنەماییەك بۆ سەلماندنی باسەکەیان. ئەم گرووپە بۆ فەلسەفە بە مانایەکی ئەکادیمی دەڕوانن و بەم دەرنجامە ئەگەن کە فەلسەفەی ئەکادیمی، تایبەتی گەورەکانە و منداڵان ناتوانن فێری فەلسەفە ببن. کیچنێر و وایت لایەنگری ئەم روانگەن کەچی لیپمان و مەتیۆس روانگەیەکی دیکە ئاراستە ئەکەن.

ئەو فەیلەسوفانەش کە سەر بە رێبازی فەلسەفەی شیکارین و بە پێی روانگەی فەلسەفی خۆیان، فەلسەفە دەبەستنەوە بە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی گوزارەکان و ئەم بیردۆزییە دەگوازنەوە بۆ خانەی فەلسەفەی پەروەردە و هەروەها فەلسەفەی منداڵانیش. ویلسۆن[16](1992) لە گەڵ کۆرتیس[17] (1985)، لە جوملەی ئەو فەیلەسوفانەن کە لەم روانگەوە فەلسەفە بۆ منداڵانیش بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە خۆلاسە ئەکەنەوە.

سەرەنجام ئەو فەیلەسوفانەی، کە بە لە بەرچاوگرتنی قۆناغەکانی گەشەی زانین کە لە لایەن جۆن پیاجێت[18] ەوە ئاراستە کراوە پێیان وایە کە منداڵان ناتوانن فێری فەلسەفە بن. چونکا بە پێی تیۆرییەکەی پیاجێتەوە منالان لە تەمەنی 12 سالان بە دواوە توانایی بیرکردنەوەی ئۆبستراکتیان هەیە. لەم روانگەوە چونکا فەلسەفە چالاکییەکی دەرهەست لە ئەژمار دێت، کەواتە منداڵانی ژێر 12 سال ناتوانن فێری فەلسەفە بن. گازارد[19] (1985)، دۆنالدسۆن[20] (1978)، مەتیۆس (1984) ، لیپمان ــ شارپ (1978) و ساترلاند[21] (1992) لە جوملەی ئەو کەسانەن کە تیۆری پیاجێت لە مەڕ فەلسەفە بۆ منداڵان بەرەورووی پرسیار ئەکەنەوە. (قاعدی: 1386، 62). لێرەدا لە بابەت لیپمان، وەك کەسێك کە بنیاتنەر و دامەزرێنەری بەرنامەی فێرکردنی فەلسەفە بە منداڵان بووە و لە زۆربەی ئەم مشت و مڕە فەلسەفییانەدا ناوی وەك داکۆکیکەرێك هاتووە، وتارەکە درێژە پێ ئەدەین.

[15] -sensitive
[16] - Wilson
[17] - Curtis
[18] - Jean Piaget
[19] - Gazzard
[20] - Donaldson
[21] – Satterland

## پرۆژەی فێرکردنی فەلسەفە بە منداڵان

مەتیو لیپمان[22]، مامۆستای پێشووی زانکۆی کولۆمبیا بووە و ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی مۆنتکلێری ئەمریکا و بەڕێوەبەری"دەزگای پێشخستنی فەلسەفە بۆمنداڵان" ــە.[23] پرۆفسۆر لیپمان لەساڵی 1969بەملاوە بە داڕژتنی پلان و جێبەجێکردنی بەرنامەیەك بە ناوی **فەلسەفە بۆ منداڵان** [24]، هەوڵی داوە فەلسەفە بگەڕێنێتەوە جێگەی راستەقینەی خۆی بە هەمان شێوە کە سوکرات بیری لێ ئەکردەوە. بە ڕای لیپمان، فەلسەفە تایبەتی گەورەکان نییە و منداڵانیش دەتوانن لێی بەهرەمەند بن. ئەم بیرمەندە فەلسەفە بە واتای "فەلسەفاندن" بە کار دەبات، ئەمەش کارێکە کە منداڵان دەتوانن لە عۆدەی بەر بێن چونکا ئەوان هەر بە شێوەیەکی خۆڕسك لەم شتە بەهرەمەندن. (قاعدی :پێشوو، 65)

لە راستیدا لیپمان، هەڵکەوتووە بۆ ئەوەی دەست بداتە وەها کارێکی داهێنەرانە. چونکا لە سەر ئەم باوەڕە بوو کە قوتابخانەکان توانایان نیە منداڵان فێری بیرکردنەوە بکەن. ئەو بە بینینی لاوازیی خوێندکارانی زانکۆی کولومبیا لە بیرکردنەوەدا زیاتر لە سەر بڕواکەی خۆی پێی داگرت. پرسیارەکەی لیپمان ئەمە بوو: " بۆچی ئەبێ منداڵانی تەمەن 5–4 ساڵان کە لێوانلێون لە پرسیار و ملّ ومۆ و مووشە و بەردەوام لە شوێن وەڵام و جوابی زێدەترن، کەچی کە دەگەن بە 18 ساڵ، پەکیان ئەکەوێ و هێز و وزەی پرسیار و فێربوونیان پێ نامێنێ؟ " ئەو ئەم گومانە دەخاتە بەردەم پەروەردە و دەپرسێ: ئەگەر کاری پەروەردە فێرکردنی بیرکردنەوە بە لاوان بووە، کەواتە ئەم هەموو خەڵکە بێ بەهرە لە بیرکردنەوە چیە کە رادەستی کۆمەڵگای دەکات؟ (فیشر: 2003، 48)

لیپمان پێی وایە کە دەزگای پەروەردە دەتوانێ منداڵەکان بگۆڕێ بەڵام بەو مەرجەی کە لە پێشدا گۆڕانکاری لە خۆیەوە دەست پێبکات و لە جیاتی ئەوەی زانیاری وشك بکا بە مێشکی قوتابییەکاندا، بیرکردنەوە بکاتە سەرمەشقی کاری خۆی. لەم رووەوە ئەو هەوڵ ئەدات کە بەرنامەیەکی نوێ بە پرۆگرامی وانەکانی قوتابخانە زیاد بکرێ کە ئەویش **فەلسەفە** یە. لە سەر پێویستی ئامادەبوونی فەلسەفە لە ژیاندا هەندێك لە نووسەران بۆ نموونە، ف، سمیت، پێیان وایە کە دەبێ بۆ فەلسەفە وەك چالاکییەك بڕوانین. ئەو وتەیەکی سوکرات ئەکا بە پاڵپشتی قسەکانی خۆی و دەڵێت: سوکرات یەکەم کەسێك بووە کە پێمان نیشان ئەدا تەواوی ژیانی مرۆڤ ، بە هەموو کات و ساتێکییەوە دەرفەتێکە بۆ کارکردن بە فەلسەفە. (سمیت:1966، 29).

کەواتە هەر کەسێك و بە هەر پلەیەك لە وشیاری و مەعریفەوە، دەتوانێ " فەلسەفی " بێت، جا چ پێی بزانێ چ نەزانێ. بەڵام لێرەدا باش وایە جیاوازییەك لە نێوان دوو شت قابیل بین: یەکەم، مێژووی فەلسەفە و قوتابخانە فەلسەفییەکانە و ئەویدی، فەلسەفەیە وەك چالاکی بە هەمان شێوە کە سمیت باسی کردووە. رەنگە لای زۆربەی خەڵك کاتێك کە باسی فەلسەفە دەکرێ، بیری ئەندێشە فەلسەفییەکان و مێژووی فەلسەفە بکەونەوە، ئەگەرچی ئەم شتە بۆ کەسانێك کە توێژەری فەلسەفە بن پێویستە بەڵام مەبەستی ئەم وتارە نییە و لێرەدا بۆ فەلسەفە وەك چالاکی و کردارێکی رۆژانە لە ئاستی سیستەمی پەروەردەیی دەڕوانین.

لیپمان و هاوکارانی(1980)، پێیان وایە کە بە هەمان شێوە کە فێرکردنی رووداوە مێژووییەکان جیاوازە لە فێرکردنی ئەندێشەی مێژوویی، فێرکردنی زانیاری فەلسەفەیش جیاوازە لە فێرکردنی بیرکردنەوەی فەلسەفی. ئەوان دەڵێن بیرکردنەوەی فەلسەفی بە مانای بەڵگاندن و ئاوەزمەندی رووت نییە، بەڵکوو پێش مەرجەکەی بیرکردنەوەیە دەربارەی خودی بیرکردنەوە.(باقری، خوسرەو:1376، 5 )

---

[22] - Matthew Lipman

[23] - Institute of Advancement philosophy for Children (IAPC)

[24] - Philosophy for Children (P4C)

لیپمان لە وتووێژێك لە گەڵ سەعید ناجی دا بەم جۆرە باسی پرۆژەکەی خۆی دەکات: بیرۆکەی "فەلسەفە بۆ منداڵان" لە هەمانەی خاڵییەوە نەهاتووە و بێ پێشینەوە نەبووە. ئەم پرۆژە لە سەر بنەما فیکرییەکانی جۆن دیۆیی[25] و ڤیگۆتسکی[26] یەوە بنیات نراوە و لە سەر پێویستی فێرکردنی بیرکردنەوە و رامان و رەتکردنەوەی فێرکردنێك کە بریتی لە "**ئەزبەرکردنی**" رووت و رەها بێت دامەزراوە. بۆ منداڵان وا باش نییە کە تەنیا وانەکان لەبەرکەن و دواتر وەبیر خۆیانی بهێننەوە. بەڵکو دەبێ بابەتەکان بخەنە مەیدانی ئەزموون و شیکاری و لە سەری لێکدانەوە بکەن. بە هەمان شێوە کە پرۆسەی بیرکردنەوە هەلاجی کردنی ئەو شتانەن کە منداڵ دەربارەی جیهان و هەستەکانی خۆی فێری دەبێت، دەبێ لەبارەی ئەو شتانەش کە لە قوتابخانە فێری دەبێت، بیر بکاتەوە. لەبەر کردنی بابەتەکان توانایییەکی کەم بایەخە و لە ئاستێکی نزمدایە، ئەبێ منداڵان فێری داهێنانی چەمك و هەڵسەنگاندن و هەڵاواردنی شتەکان و بەڵگاندن بکرێن.

فیشر، لە پێناسەیەکی کورتدا بۆ فەلسەفەی منداڵان دەڵێت: فەلسەفە لە پەروەردەی منداڵاندا جێبەجێ ئەکرێت بۆ ئەوەی قوتابیەکان کەسانێکی کارامە و لێهاتووبن لە بەڵگەهێنانەوە و بە باشی بئاوزێن. (فیشێر:2005، 62) فەلسەفە بۆ منداڵان بریتییە لە فەلسەفاندن و بەکارهێنانی ئەقڵ و ئاوەز بۆ کاروباری ئاسایی و رۆژانە بە قەدەر فاماندن و ئاوەزی منداڵیی.

لەم پرۆژەدا لیپمان و هاوکارەکانی، بە چاوخشاندنێك بە سەر مێژووی ئەندێشە فەلسەفییەکاندا گرینگترینی ئەو مەسەلانەی کە بابەتی باس و مشت و مڕی فەیلەسوفەکان بووە، هەڵاواردەیان کردووە تاکوو لە بەردەم پرۆسەی بیرکردنەوەی منداڵاندا قوتیان بکەنەوە. باس کردن لە بابەتگەلێکی وەك: راستی یان هەقیقەت، چاکە، واقیع، ئازادی، ئەخلاق و رەوشت پاکی و مافەکانی کۆمەڵ و تاك.(باقری:پێشوو، 6)

لیپمان لەم بەرنامەدا بەهیوا نییە وەڵامی کێشە گەورەکانی فەیلەسوفەکان، لە زمانی منداڵان دەربکێشێ، بەڵکو بە تێهەڵکێشکردنی ئەم بابەت و ئاریشانە لە ناو رووداوەکانی چیرۆکێکدا کە بە زمانێکی ساکار نووسراوە، هەوڵ ئەدات منداڵەکان بخاتە ناو دەریای بێبنی هزر و بیرکردنەوەدا. ئەو لە گەڵ هاوکارەکانی(فیلیپ کەم و ماری شاپ) بۆ هەر تەمەنێك، لە 3 تا 6 ساڵانەوە بگرە تا 16 ساڵ، کۆمەڵێك چیرۆك و رۆمانی کورتیان نوسیوە و بۆ هەرکام لەم چیرۆکانەش کتێبێك وەك رێنموونی مامۆستا(دلیل المعلم) لە بابەت چۆنییەتی هەڵسوکەوت لە کاتی خوێندنەوەیدا ئامادە کردووە. لەم پرۆژەدا پۆل دەبێتە وۆرك شۆپ (کارگە)یەك و منداڵەکانیش دەبنە **جەماوەرێکی توێژەر**. چاوەڕوانی ئەکرێت لەم کارگەدا ئەم 3 ئامانجەی خوارەوە بگاتە ئەنجام:

1– زیادبوونی پرسیار و وەڵامی راستەقینە
2– بردنەسەرەوەی توانستی ئاخاوتن و بازدان لە مۆنۆلۆگەوە بەرەو دیالۆگ
3– باشترکردنی لێهاتوویە فیکرییەکان (بەڵگەهێنانەوە، روونکردنەوە، لێکدانەوە، هەڵسەنگاندن و ریفۆرم لە ئەندێشە و ...)

بۆ ئەم مەبەستەش هەرکام لە قوتابییەکان بە نۆبە، بەشێکی کورت لە چیرۆکەکە دەخوێننەوە و مامۆستاش بە پێی رێنماییەکان، دەبێتە کۆڕگێڕ و باس و گفتوگۆکان لە سەر رووداوەکانی ناو چیرۆکەکە دەخاتە بەر پرسیار و پانتاکە دەکێشێتە ئاقاری بیرکرنەوە و بەڵگە هێنانەوە. منداڵەکان بە پێی ئاوەزی خۆیان دەکەونە بیرکردنەوە و هێدی هێدی فێری شێوەی دیالۆگ و پێکەوە ژیانی ئاوەزمەندانە دەبن. لەم بەرنامەدا منداڵەکان فێر دەبن، گوێ لە بیر و ڕای جیاواز بگرن و بە دڵ فراوانییەوە لە بۆچوون و روانگەی کەسانی دیکە ئاگەدار بن.

---

[25] - John Dewey
[26] - Vygotesky, Lev

ئێستا بەرنامەی فەلسەفە بۆ منداڵان لە 102 وڵاتی جیهاندا بەڕێوە دەچێت و سەرنجی زۆربەی بیرمەندان و توێژەران و پەروەردەکارانی پەروەردەی بە لای خۆیدا راکێشاوە. لیپمان، چوارچێوەی تیۆری ئەم بەرنامەی لە کتێبی( Philosophy in the classroom ) لە ساڵی 1980 دا دارژتووە. ئەو لەم کتێبەدا رەوتی ئێستای پەروەردە و فێرکردن ئەداتە بەر رەخنە و دەڵێت کە سیستەمی پەروەردە ئەبێ سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە چونکە تووشی سەرلێشێواوی هاتووە. لیپمان پێی وایە کە منداڵان تینووی مانای بەرزن و بەم سیستەمەی ئێستاوە ئەم تینوویەتییە ناشکێ و بەڵکو تامەزرۆیی بە زانین و بیرکردنەوەیان کوێر ئەکاتەوە.

## سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان و فەلسەفە بۆ منداڵان

کاتێك وڵاتانی جیهان سیستەمی پەروەردەیی خۆیان دائەمەزرێنن یان وەك پێویستییەکی هاوچەرخ نۆژەنی دەکەنەوە، گرینگترین بەشێك کە لە سەری رادەوەستن بەشی فەلسەفەی پەروەردەیە. باس کردن لە بارەی فەلسەفەی پەروەردە، لەم وتارەدا جێی نییە و هەوڵ ئەدەم وتارێکی تایبەتی بۆ تەرخانکەم. بەڵام ناکرێ لەم راستییە خافڵ بین کە هیچ سیستەمێکی پەروەردەیی ناتوانێ بێ دارشتن و پەیرەوکردنی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی تایبەت هەنگاو بنێ و بانگەشەی مودێرن بوون و تازەگەری بکات.

حوکمەتی هەرێمی کوردستان دوابەدوای شۆڕش و خەباتێکی دوور و درێژ و لە پاش ئازادی بەشی هەرە زۆری کوردستانی باشوور لە ساڵی 1991 بە ئەنجامدانی یەکەم هەڵبژاردن لە 1992 دامەزرا. ئەم حکومەتە تازە دامەزراوە هاتە سەر پاشماوەی یاسای ئیداریی حوکمەتی رووخاوی پێشوو، واتە بە هەمان سیستەم دەست کرا بە کارکردن لە بوارە جیاوازەکاندا. لە دامەزراوە پەروەردەییەکانیش دا رەوشەکە هەر بەو شێوەیە مایەوە. رەنگە ئەزموونی سەرکردایەتی سیاسی کوردی لە بەڕێوەبردنی وڵات و حوکمەت و خراپی رەوشی سیاسی و ئابووری ئەو سەردەمەی کوردستان بە هۆی ئابلۆقەی ئابووری سەر عێراق و کوردستان لەو کاتەدا، هەروەها نەبوونی ئەلتەرناتیڤێکی تر لەو ساتەدا هۆکاری بنەڕەتی بوو لە دەسکاری نەکردن و ریفۆرم نەکردن لە سیستەمی پەروەردە و هێشتنەوەی بە رێژەیەکی زۆر وەکوو خۆی.(سەعد عەبدوڵا:2010، 88)

ئەم رەوشەی پەروەردەی هەرێم تاکوو ساڵی 2007 هەر لەکاردا بووە و سیستەمی پەروەردە واتە قوتابخانە و زانکۆ بە خوێندنی گشتی و باڵاوە، درێژەی بە عەمری جەستەی نەخۆش و پەککەوتەی خۆی داوە. بە واتایەکی تر نزیکەی 16 ساڵ سەرکردایەتی سیاسی کوردی سەری نەپەرژاوە ئاورێك لە سیستەمی پەروەردە و بارهێنانی ئینسانی کورد بداتەوە و بە دوور لە مشت ومڕ و ململانێ و دیان سپی کردنەوە لە یەکتر، بە خەمخۆری و دووربینییەوە ستراتجییەکی نوێ بۆ جیلی داهاتووی هەرێمەکە دارێژێت.

سەرەنجام لە ساڵی 2007 دا وەزارەتی پەروەردەی حوکمەتی هەرێم لە خەو رائەچڵەکێ و رادەپەڕێ و شان ئەداتە بەر پڕۆژەیەك کە لە مێژووی ئەم چارەکە سەدەی کوردیدا ئەکرێ وەك خاڵێکی وەرچەرخان و بگرە شۆڕشێکی فەرهەنگی وەسف بکرێت. ئەویش گۆڕینی سیستەمی پەروەردە و خوێندنە کە وادیارە بە زۆری جێخامە و ئەندێشەی مامۆستای دڵسۆز، بەڕێز هۆمەر قەرەداخی بە سەر ئەم پڕۆژەوە نەخشی بەستووە. مامۆستا قەرەداخی کە خۆی نزیکەی 20 ساڵ لە وڵاتی پێشکەوتووی سوید مامۆستا و بەڕێوەبەری خوێندنگە بووە، بە بەرپرساریییەوە گەڕاوەتەوە کوردستان و ژێرخانی تیۆری و زانستی ئەم گۆڕانکارییە مێژوویییەی هەموار کردووە. ئەو لە کتێبی چۆنایەتی سیستەمی خوێندن دا بەم شێوە باس لە دۆخی پەروەردەی کوردستان دەکات:

"سیستەمی پەروەردە و خوێندن لە کوردستان، سیستەمێکی رەق و تیۆرییە. هەڵسوکەوت لە گەڵ قوتابییان و خوێندکاران وەك هەڵسوکەوت لە گەڵ تاکەکەسدا نییە بەڵکو زیاتر وەك گروپێکی گوێگری بێدەسەڵات سەیر دەکرێن ... لە قوتابخانەکانی کوردستاندا بە داخەوە گوێگرتن لە قوتابی و خوێندکار زۆر کەمە، روونکردنەوە بە باشی نادرێت، زانیاری بە هەژاری و لاوازی پێشکەش بە قوتابی و

خوێندکار دەکرێت. نەدانی زانیاری و روونکردنەوە، پشتگوێ خستن و گوێ لێنەگرتن شێوەیەکن لە شێوەکانی سەرکوتکردن و چەوساندنەوە." (قەرەداغی:2009 ، 6–5)

مەبەستم لە هێنانە بەرباسی ئەم حاڵەتە لە سیستەمی پەروەردەی هەرێم، هەڵسەنگاندن و نرخاندنی رابردووی سیستەم بە قوتابی و خوێندکار و هەموو رەگەزەکانی ترەوە نییە بەڵکوو گەڕان بە دووای بابەتی سەرەکی ئەم وتارەیە دوابەدوای ئەو گۆڕانەی کە لەم 3 ساڵەی دوایی دا رووی داوە. دەمەوێ بزانم لە سیستەمی نوێدا جێگە و پێگەی فێرکردنی فەلسەفە ــ بە مانای بیرکردنەوە ـــ لە چ ئاستێکدایە. ئایا ئەم چالاکییە مێشك پەروەرە لە دەقی پرۆژەی گۆڕینی سیستەمەکەدا چێ کراوە ؟

بە خۆشحاڵییەوە کاتێك چاوێك دەخشێنین بە دەقی پرۆژەکەدا ئەم رستانەی خوارەوە دەبینین:

" قوتابخانە دەرگای بیرکردنەوە و داهێنان و دەست پێشخەری بۆ قوتابی ئاوەڵا دەکات و بواری ژیانێکی سەربەخۆی بۆ دەرەخسێنێت. واتە زانست، ئاشنابوون بە راستییەکان، زانیاری تێگەیشتن و توانای چارەسەرکردنی گرفتە، نەك دەرخکردن (لەبەرکردن). وانە وتنەوە، هەموو شێوەکانی کاری تەنیا و گروپ دەگرێتەوە. قوتابی بەشدارێکی چالاکە و ماموستاش بەڕێوەبەری گەیاندنی زانستە."(دەقی پرۆژە: ل،5)

ئەم رستانە زەمینە خۆشکەرن بۆ بە دواداچوونی بەرنامەی فێرکردنی فەلسەفە بە منداڵان لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستاندا. بە واتایەکی تر ئەکرێ بۆ ئەم جۆرە تێڕوانینە، وەك ستراتیجییەك بڕوانین کە لە دەقی پرۆژەی پێشنیارکراوی کۆنگرەی 2007 دا هاتووە. نووسەری ئەم وتارە نازانێ خۆشحاڵییەکەی تا چەندی تر بخایەنێت و لەم ساتە وەختەدا ئەنجامەکانی گۆڕینی کەش و هەوای پەروەردەی هەرێم، چۆن هەڵسەنگێنێت. بەڵام هیواخوازە کە دەرەنجامێکی شیرین و بریقەداری لێ بکەوێتەوە و مرۆڤی کورد لەم بەشەدا وا بێتە بەرهەم کە ببێتە نموونە و میسالێك بۆ پارچەکانی دیکە.

کورد، پێویستی بە تاکی بیرمەندی مرۆڤدۆست و دیموکرات هەیە. بزر کردن و تاراندنی ئەم رەگەزانە لە منداڵانی کورددا بە واتای گەڕانەوە بۆ سەردەمی ژێردەستی و ملکەجی جەماوەری کوردە و بە فیڕۆدانی هەموو دەسکەوتێکی ماددی و مەعنەوەی. قوتابخانەکانی کوردستان ئەبێ سەر و گەردنێك لە قوتابخانەکانی وڵاتانی دواکەوتووی دەور و بەرمان باڵاتر بن. ئەمەش ناگا بە ئەنجام مەگەر ئەوەیکە بایەخ بدرێ بە لایەنی فیکری و عاملاندنی هزریی منداڵان. ئەمەش بەو مانایە نییە کە هەموو منداڵەکانمان ببنە فەیلەسوف، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە، رێگر بین لەوەیکە ئەو وزە فەلسەفی و وشیارییە بەرزەی تاقی منداڵییان، بە هاتنیان بۆ قوتابخانە بپووکێتەوە و وەك تووتی ببنە لاساییکەرێکی نەزان و بێپرسیار و تەنیا کاوێژی زانستی کۆنی کەسانی دیکە بکەنەوە.

**دواوتە**

لە بابەت سەرکەوتوویی بەرنامەی فەلسەفە بۆ منداڵان لە وڵاتانی جیهاندا توێژینەوەی زۆر کراوە و پلان دانەرانی سیستەمی پەروەردەیی وڵاتان ئاوڕێکی جیدییان لەم ئەزموونە گرینگەی لیپمان داوەتەوە.

لە حەفتاکان (1970) لە ئەمریکا، 5000 پۆل بۆ ئەم مەبەستە دامەزراوە و ئەنجامەکان پێمان ئەڵێن کە ئەم بەرنامە بۆ منداڵانی 11 ساڵ بە باشی کاریگەر بووە و بۆتە هۆی ئەوە کە تا رادەی 27 حەوتە لە منداڵانی هاوتەمەنیان لە باری هۆشییەوە باڵادەست تر بن. هەروەها ئەم توێژینەوانە لە وڵاتانی بریتانیا، نەرویج، مەکزیك، سکۆتلەند، سوید، کەنەدا، ئێران

و ... به ئەنجام گەیشتووە و دەری خستووە کە ئەو منداڵانەی لەم بەرنامەدا بەشدار بوون لە بابەت بیرکردنەوەی رەخنەیی بە نیسبەت ئەوانیدی لە پێشتر بوون. (ناجی و قازی نژاد:1386، 130)

ئێستاش با لەم ساتەوەختەدا کە پەروەردەی هەرێم وەرچەرخان بە خۆیەوە دەبینێ، دەلاقەیەکیش بەرەو ئەم دنیایە بکاتەوە تاکوو منداڵانی کورد چیدی لە قافڵەی پێشڤەچوونی منداڵانی وڵاتانی دیکە دوا نەکەون. هەڵبەت لێرەدا جێی خۆیەتی هەوڵەکانی بەڕێز کەریم مستەفا لە مەڕ دانانی ماڵپەڕێکی تایبەت بە p4c بۆ منداڵانی کورد بەهەند بگیردری و بگرە پشتیوانی لێ بکرێت. منداڵی کورد کە بە درێژایی مێژوو وەك کەمینەیەکی ئەتنیکی سەیری کراوە و هەرگیز لە شیرنایی زمان و کەلتووری خۆی تێراو نەبووە، با لەم هەلومەرجەدا کە خاوەنی سیستەمی پەروەردەیی خۆیەتی بتوانێ هەست بە بوونی خۆی بکا و وەك تاکێکی کورد لە ناو کایە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی جیهاندا جێگەیەك بۆ خۆی دەستەبەر بکات. بۆیە هەر لەم رێگەوە نووسەری ئەم وتارە ئامادەیە دەستی هاوکاری بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی هەرێم بگوشێ بەو هومێدەی ئاسۆیەکی دیار و گەش بۆ بەرەی داهاتوو بێتە بەرهەم و مایە.


• سەرچاوە:

فارسی:

1- فیشر، رابرت(2005) أموزش تفکر به کودکان، ترجمه مسعود صفایی مقدم و افسانه نجاریان(1385)، اهواز: رسش.

2- فیشر، رابرت( 2003) أموزش و تفکر، ترجمه فروغ کیان زاده(1385)، اهواز: رسش.

3- اسمیت، فلیپ.ج(1966) فلسفه أموزش و پرورش، ترجمه سعید بهشتی(1377 )، مشهد: أستان قدس رزوی.

4- قاعدی، یحیی(1386) امکان أموزش فلسفه به کودکان: چالش بر سر مفهوم،فصلنامه متالعات برنامه درسی، شماره 7.

5- قاعدی، یحیی(1387) بررسی بنیادهای نزری برنامه درسی فلسفه برای کودکان از دیدگاه فیلسوفان عقل گرا، فصلنامه متالعات برنامه درسی، شماره

6- کم، فیلیپ(1993)، داستانهای فکری1 (کندوکاوی فلسفی برای کودکان)،ترجمه احسانه باقری(1387)، مقدمه خسرو باقری(1376)، تهران: امیرکبیر.

7- ناجی، سعید و قازی نژاد پروانه(1386) بررسی نتایج برنامه فلسفه برای کودکان روی مهارتهای استدلالی و عملکرد رفتاری کودکان، فصلنامه متالعات برنامه درسی، شماره 7.

8- مرعشی، منصور و ... (1387)، امکان سنجی اجرای برنامه أموزش فلسفه به کودکان در برنامه درسی دوره ابتدایی، فصلنامه نوأوری های أموزشی، شماره 28.

9- برونو، فرانك(1986) فرهنگ توصیفی روانشناسی، ترجمه فرزانه تاهیری و مهشید یاسایی،تهران: ناهید،1384.

کوردی:

10- قەرەداغی، هۆمەر(2009)، چۆنایەتی سیستەمی فێرکاری: هەولێر، وەزارەتی پەروەردە.

11- پرۆژەی گۆڕینی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن، پێشنیار کراوی کۆنگرەی 2007، هەولێر.

10 - سەعد عەبدوڵا، چنار (2010) پەروەردەو نەتەوایەتی، هەولێر، ئاراس.


11 Matthew Lipman ,The Children and Youth Philosophers (http://www.buf.no

12 **Oxford Dictionary of Education (2009),London: Oxford university press.**